دوای مانگێک لە دەستگیرکردنی ڕۆژنامەنووس بەشدار بازیانی لە سلێمانی ئازادکرا

ڕۆژنامەنووس بەشدار بازیانی لە سلێمانی ئازادکرا دوای نزیکەی مانگێک لە دەستگیرکردنی.

بنەماڵەی ڕۆژنامەنووس بەشدار بازیانی لە ئاگاداری بە ڕای گشتی پێشتر ڕایانگەیاندووە، بە ناوی خێزانی ڕۆژنامەنووس (بەشدار بازیانی)، کە بەشدار بازیانی لە ڕۆژی هەینییەوە 28ـی شوباتی 2025، لەلایەن هێزەکانی یەکێتیی و ئاسایشەوە دەستگیرکراوە.

بنەماڵەی ڕۆژنامەنووس بەشدار بازیانی دەڵێن: داواکارین لەلایەنە پەیوەندیدارەکان بەزووترین کات (بەشدار) ئازاد بکەن و ڕێز لە یاسا و مافەکانی مرۆڤ بگرن، هەروەها داوا لە هەموو خەڵکی بەشەرەف، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و میدیاکاران دەکەین کە پشتگیریمان بن بۆ ئازادکردنی.

باس لەوە دەکرێت کە لە ڕۆژی 28ـی شوباتی ڕابردوو لە سلێمانی گیراوە، ئەوەش لەدوای سکاڵای پەرلەمانتارێکی یەکێتیی و دڵشاد میرانی، نوێنەری مامۆستایانی ناڕازی.

بەشدار بازیانی و سێ کەس لە هاوکارانی لە دەزگای میدیایی (میدیا21)، لە 28ـی شوبات لەلایەن

هێزەکانی ئاسایشی سلێمانی دەستگیرکران، دەستبەسەر زۆربەی کۆمپیوتەرو مۆبایلەکانیان گیرا، پاش لێکۆڵینەوە سێ هاوکارەکەی بە ناوی (دانا ساڵح، نەبەز شێخانی، سەردەشت حەمە ساڵح) ئازادکران، بەڵام جارێکی تر دانا ساڵح، بانگکرایەوە بۆ ئاسایش و دەستبەسەرکرا و دوای لێکۆڵینەوە ئازادکرایەوە.

بەگوێرەی سەنتەری میترۆ، میترۆ لە ڕۆژی دەستگیرکردنیانەوە لە سەراغی ئەم کەیسە بووە، لە پەرەسەندنەکانی ئاگادارە، هەندێ وردەکاری هەن نامانەوێ لای ئەمەوە بڵاوبکرێنەوە، ئەمە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی لایەنی لێکۆڵەرو دادگایە.

سەنتەری میترۆ راشیگەیاندبوو، بەهۆی لیستی تۆمەتەکان، وای بەپێویست دەزانین چاوەڕوانی بڕیاری دادوەر بین.

دواجار ئەمڕۆ پێنجشەممە 27ـی ئادار، دوای مانگێک لەدەستگیرکردنی رۆژنامەنووس بەشدار بازیانی ئازادکرا، دوای ئازادکردنیشی لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی رایگەیاند، "داوای لێبووردن دەکەین، دەستمان بە بابەتی هەستیار برد کە زانیومانە زیانی بە ئاسایشی نیشتمانی گەیاندووە".